تێدەگات لەوەی، کە دەربڕینێک چی دوپات دەکاتەوە؟ ئەو دەربڕینە لەبارەی چییە؟ دەبێت بە لێکدانەوەی تێبگات هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە کێشەکانی زمان و ئایدیۆلۆژیا دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژیدا چارەسەر بکرێن، کە ڕۆڵێکی سەرەکی بە چەمکی لێکدانەوەی دەبەخشێت. هەمو دەربڕینێک لە زماندا چ وشە، ڕستە، یان تەنانەت ئاماژەیەک بێت. زیاترە لە تەنیا ڕیزێک لە هێما، یان دەنگ، کە نوێنەرایەتی شتێک دەکات لە جیهاندا. بۆ نمونە: کاتێک کەسێک دەڵێت:

١-أ/ ئابوری کارێکی مەزنە.

ئەم نمونەیە تەنیا گەنگەشەی دۆخی ئابوری ناکات، بەڵکو لە ڕووی چۆنیەتی هەستکردن بە کاریگەریەوە جەختی لێدەکاتەوە. دوپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم دەقە چۆن باسی ئابورییەکی سەرکەوتو و سەقامگیر و گەشەسەندوە دەکات. ئەم ڕستەیە تەنیا پەیوەندی بە دۆخی ئابورییەوە نییە، بەڵام ئایدۆلۆژیی زمانی بۆ ئەم لێکدانەوەیە قوڵترە، بە جۆرێک کێ سوودمەندە لە دۆخی ئابوری و چۆن گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەری هەیە، ئایا بۆ هەموان ڕاستە، یان تەنها چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ سودمەندن؟ بەبێ لێکدانەوە ناتوانرێت لەم گەنگەشەیە بە تەواوی تێبگەین. لە چۆنیەتی بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی دەتوانین هەندێک گریمانە سەبارەت بە سروشتی ئایدیۆلۆژی زمانی دیاری بکەین.

گریمانەی یەکەم: ئایدۆلۆژیاکان دەبێ وەک سیستەمی جیاوازی بیروباوەڕ سەیر بکرێن، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی ئایدۆلۆژیاکان لەناو کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. زۆر گرنگە کاتێک ئایدۆلۆژیاکان وەک سیستەمی بیروباوەڕی جیاواز و ستراکتۆر کراو هەژمار بکرێن، ئاسانتر شیکاری پێکهاتە تاکە کەسییەکانیان بکەین و تێبگەین، کە چۆن کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و هەڵوێست و کارلێکی مرۆڤەکان هەیە. ئەم گریمانەیە لە نزیکەوە پەیوەستە بە چەمکی سروشتی

ئایدیۆلۆژییەوە، کە وا گریمانە دەکات، کە ((ئایدۆلۆژیاکان لە بنەڕەتدا باش و خراپ نین، بەڵکو تەنها کۆمەڵێک بیروباوەڕن، کە چۆن مرۆڤەکان لە جیهاندا دەبینن و تێدەگەن)). (Preece, R., 1977:352) با ئایدۆلۆژیاکانی ناو خێزان، قوتابخانە، وەک سیستەمێکی جیاواز وەربگرین، کە تاکەکان چۆن رۆڵ و رەفتار و پەیوەندییەکانیان لەناو ئەم شوێنە کۆمەلایەتییانەدا هەست پێدەکەن و ڕێکیدەخەن:

لە ژینگەی خێزاندا، ئایدۆلۆژیایەک لە دەوری ڕۆڵە تەقلیدییەکانی ڕەگەز و دەسەلاتدا دەسوڕێتەوە. بۆ نمونە: ئایدۆلۆژیای خێزانی نەریتی، لە زۆرێک لە کەلتورەکاندا هەندێک ڕۆڵی دیاریکراو بۆ ژن و پیاو لە خێزاندا دیاری دەکەن. زۆرجار چاوەڕوان دەکرێت پیاوان ببنە بژێوەری ژیان، لەکاتێکدا چاوەروان دەکرێت ژنان ئاگاداری ماڵ و منداڵ بن. ئەم کۆمەڵە بیروباوەڕە دەتوانێت کردار و چاوەڕوانییەکانی تاکەکان و چۆنیەتی تێڕوانینی گرنگی ڕۆڵەکانیان لە خێزاندا لە قاڵب بدات. بانگەشەی ئایدیۆلۆژی، شوێنی ژن لە ماڵدایە، منداڵ پەروەردە دەکات و پشتگیری لە پیشەی هاوسەرەکەی دەکات. ئەم ئایدۆلۆژیایە لە هەندێک بنەماڵەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵکراوە و لە ڕێگەی کۆمەڵایەتیکردنەوە فێردەکرێن. زۆرجار لە ڕێگەی گفتوگۆ و کردەی خێزانییەوە بەهێزتر دەکرێت. ئەم ئایدیۆلۆژییە نەرێتییە هیچ نەرێنییەکی تێدانییە، بگرە لایەنی ئەرێنی زیاترە. لە کاتێکدا دەبینین ئێستا بە هۆی گۆڕانی ئایدۆلۆژی خێزانییەوە ڕۆڵەکان گۆڕدراون. بە جۆرێک باوک بوەتە دایک و دایک بوەتە باوک و دەیان چەمکی وەک هاوڕەگەزخوازی و فیمینیزم و هاوبەش و هاوڕێ و چشتی تر هاتوەتە ئاراوە، لێرەدا لە بەرانبەر ئەو گۆڕانکاریەوە پێویستە بتوانین بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانەوانی وشەکان لە کۆمەڵدا بزانین بە شێوەیەک، کە وشەکان و دەستەواژەکان، کە پێشتر باری نەرێنییان لێدرابو، لەبەر ئەوەی ئەرک و ڕۆڵی هەرکەس بە تایبەتمەندییەکەوە بەسترابویەوە، کە دەکرێت نوێکاری لە واتای زمانی ئەو

وشانە بەرەو واتایەکی نوێ و ڕۆڵی تازەش ببات. وەک ئەوەی، لە شوێنی واتای وشەی (دایکی ماندو) وشەی (خێزانی هاوکار) دەبێتە ئایدۆلۆژیی زمانی ئەو چەمکە و ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم چەمکە ئەوە دیاری دەکات، کە هاوسەرەکان بە هاوکاری یەکتر پێکەوە کاردەکەن. یان لە شوێنی واتای وشەی (باوکی کارمەند، باوکی کرێکار) وشەی (باوکی هاوکار) دەبێتە ئایدۆلۆژیی زمانی ئەو چەمکە و ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم چەمکەش ئەوە دیاری دەکات، کە گیانی هاوکاری و تەبایی ناو خێزان نیشاندەدات. لە هەمانکاتیشدا چەمک گەلی جیاوازی نامۆ بە فەرهەنگ و کەلتوری کوردی پەراوێزیان دەخات. لە ئێستادا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ڕەوایەتیان پێدەدرێت، وەک بەکارهێنانی وشەی هاوڕەگەزخواز، هەم نامۆیە بە فەرهەنگ و کەلتوری کوردی، هەمیش ئەرک و ڕۆڵی خێزان لە خێزانە نەریتیەکاندا تێکدەدات، بۆیە ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم چەمکە لە کۆمەڵی کوردیدا ڕەوایەتی نییە. هەروەها لە ئایدۆلۆژی قوتابخانەدا تەنها خوێندن و فێرکاری ڕونادات، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی جیاواز لە پشت ئەو پرۆسەیەوە هەیە، کە پەیوەندی بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پلەبەندییە تایبەتەکانەوەیە. بەمشێوەیە قوتابخانە بەهادانە بە جیهانبینی جیاواز. بە شێوەیەک تاک بە هەوڵ و ماندوبونی تاکەکەسی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، نەوەک بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، یان دەسەڵاتی دەرەکییەوە. وەک:

- ٢-أ/ خوێندکار بە هەوڵدان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.
- ٢-ب/ سەرکەوتن بە هەوڵ و نمرەیە، نەک بە هۆکاری دیکە.
- ٢-پ/ خوێندکاری سەرکەوتو خەڵات دەکرێت.

لە ئەم ڕستانەدا، ئایدیۆلۆژیی زمانی قوتابخانە هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی جیهانبینێک، کە سەرکەوتن تەنها بە هەوڵ و کۆکردنەوەی نمرەی بەرز بەدەست دەهێنرێت ڕستەکانی(٤٢-ب)(٤٢-پ)(٤٢-ت) بەردەوام بانگهێشتی ئەو بیرۆکە دەکەن،

هەر کەسێک ئەگەر هەوڵبدات سەرکەوتو دەبێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان یان پاڵپشتی دیکە. هەروەها کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی هزری (هەوڵدان، سەرکەوتن). ئەم ئایدۆلۆژییە لە نیوان هەوڵدان و سەرکەوتن و قوتابخانەدا ئاساییە، کە بە شێوەیەکی ڕون خوێنەری کورد لە ڕستەکاندا هەستی پێ دەکات، بەڵام ئایدۆلۆژی پشت ئەم ئایدۆلۆژیانە، لەسەر (هەوڵدان، سەرکەوتن)ە بریتییە لە بەهادان بە بەرزکردنەوە و مۆڕاڵدان بە تایبەتمەندیی تاکەکەس (individualism)، نەک گرووپەکان و باوەڕهێنان بەوەی هەر کەس بەهۆی هەوڵدانی خۆی سەرکەوتو دەبێت، نەک بەهۆی پشتگیری کۆمەڵەوە. دڵنیاییدان بە داهاتوی ڕوناک و شایستەبون(meritocracy). بۆ هەر کەسێک پشت بە هەوڵەکانی خۆی ببستێت. واتە ئەم بونیادی ئایدۆلۆژی زمانە لە چوارچێوەی قوتابخانەدا بەشێوەیەکی نەبینراو پەروەردە دەکرێت، بۆ ئەوەی خوێندکاران پشت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، وەک (دۆخ ، ئابوری، پلەی کۆمەڵایەتی) نەبەستن، بەڵکو تەنها ئەوە ببینن، کە سەرکەوتن بە دەستی خۆیانە.

گریمانەی دووەم سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا ئەوەیە، کە وەک بەشێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کار دەکات، هێزێکی پێوانەیە، کە ئەندامانی کۆمەڵ بە دابینکردنی بەها و بیروباوەڕی هاوبەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم گریمانەیە ڕەگ و ڕیشەی لە هەندێک دیدگای مارکسیستیدا هەیە، ئەوە نیشان دەدات، کە هەندێک مارکسیست باوەڕیان بەوەیە ئایدۆلۆژیا بۆ پەیوەندیدانی ئەندامانی کۆمەڵ و بەرزکردنەوەی یەکگرتوویی زۆر گرنگە. بەو پێیەی یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی گەر هەبو بەهێزتری دەکات. ئایدۆلۆژیاکان بە پێشخستنی بیروباوەڕی هاوبەش، تاکەکان تێکەڵ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکەن و تێگەیشتنیان لە چۆنیەتی کارکردن و دۆخی ئێستایان زۆر جار لە سەر ئەژماری

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەپارێزن. لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیاکان خزمەت بە تێکەڵکردنی تاکەکان دەکەن لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام توانای دامرکاندنەوەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیشیان هەیە، بە دروستکردنی هۆشیارییەکی هاوبەش، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی گروپی باڵادەست بن. دەتوانن بێهیوایی دروست بکەن. لە پرسیارکردن، یان بەرەنگاری دامەزراوەکان. زۆرجار ((ئایدۆلۆژیا ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان وەک سروشتی، یان حەتمی لە چوارچێوەیەکدا دادەنێت، ئەمەش وادەکات بە ئاستەم سیستەمی بەدیل پێشبینی بکرێت.))( Preece, R., 1977:352) وەک:

- ٣-آ/ هەمومان بەشدار دەبین.
- ٣-ب/ دەبێت ڕێزی هەموان بگرین.

لە نمونەی (٤٣-آ)دا ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم ڕستە بانگەشەی یەکگرتن و هاوبەشی دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەم گوتارە بە شێوەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی هاوبەشی و دیاریکردنی ڕۆڵی تاک لە ئەنجامدانی کارێکی گشتی کە پێویستیەکی بەشداری تاکیانەیە لە پێناو ئەو ئایدۆلۆژییەی کە پارێزگاری لە بەرژەوەندیی گشتی دەکات واتە پەیوەندی بە گونجاوی ئەو کەسانەوە هەیە، کە هێزیان زیاترە لە بەشداریکردنەکەدا. هەروەها لە ڕستەی (٤٣-ب)دا ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم ڕستەیە ئەوەیە، کە هەموان یەکسانن بەرانبەر ماف و ئەرک. ئەم ڕستەیە لە پێناو پاراستنی ئەرک و مافی هەمو ئەو کەسانەیە، کە بەشدارن بە بێ جیاوازیکردن لە نێوان پلە باڵاو کەسانی ئاساییدا، چونکە بە تەنها یەک کەس لە ناو کۆمەڵدا بە ئەنجامدانی یەک هەڵوێست گۆڕانکاری لە ئایدیاو گۆڕانی هزری کۆمەڵایەتی دروستدەکات. بۆیە لەم گریمانەیەدا توانای تاکەکەسی دەربڕی ئەوەیە، کە تاک بە کۆمەڵەوە دەبەسترێتەوە و لە هەمان کاتدا توانای گۆڕانی دۆخی جیاوازی هەیە. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ئایدیۆلۆژیاکان خزمەت بە یەکگرتن و دامەزراندنی کۆمەڵ دەکەن، بەڵام توانای بەهێزکردنی گۆڕانکارییان هەیە، بە دروستکردنی هۆشیاری هاوبەشی نوێ، کە دەتوانێت بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو بپارێزێت، زۆرجار ئایدیۆلۆژیا کار دەکات بەو شێوەیەی، کە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵ بە سروشتی پێشبینی بکات، کە ئەمە بەرگری لە هزری دامەزراندنی سیستەمێکی دیکە دەکات، هەم بەردەوامی و هەم گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە یەکەوە گرێبدات. بۆیە ((ئەو ڕۆڵە نێوەندییەی زمان دەیبینێت لە نێوان ئاوەز و واقعدا (تێڕامانەکانی مرۆڤ و خودی واقع) دەبێتە هۆی بونیادنانی سێ کەسیەتی بنەمایی بۆ زانستی زمانی درکپێکردن، کە بە شێوەیەک یەکەم پێشینەی سیمانتیک لە هەر شیکردنەوەیەکی زمانەوانیدا، واتە ئەرکی سەرەکی زمان واتایە. دوەم ئەو واتا زمانییەش سروشتێکی ئینسکلۆپیدیای هەیە، واتە زمان و واتای زمانیی سیستەمێکن بۆ بەکاتەگۆریکردنی جیهانی واقع. سێیەم واتای زمانی سروشتێکی ڕوانگەییە. واتە لە بنەڕەتدا جیهانی واقع ڕاست و ڕەوان لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە))(قادر، کاروان عمر، ٢٠١٢: ٧٨). لە فانکشنالیزمدا ئایدۆلۆژیاکان وەک پێویست سەیر دەکرێن بۆ پاراستنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی. ئیمیل دورکهایم، یەکێکە لە بیرمەندە سەرەکییەکانی فانکشنالیزم، ئاماژەی بەوەداوە، کە ((بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەک بە ئاسانی کار بکات، پێویستە ئەندامەکان کۆمەڵێک بەها و نۆرم و بیروباوەڕی هاوبەشیان هەبێت، کە ڕەفتارەکان بەڕێوەدەبەن و هەستی هاودەنگی دروستدەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی سروشتییە، کە ویژدانێکی بەکۆمەڵ بۆ تاکەکان دابین دەکات، کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکات.))( Durkheim, E., 2016:57) بۆنمونە: لە ڕوانگەی کارایی کۆمەڵایەتی: بیرۆکەی نیشتمانپەروەری نمونەی ئایدۆلۆژیایەکە، کە تاکەکان تێکەڵ بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکات. ئەو کەسانەی باوەڕیان بەو بەهایانە هەیە و وەریدەگرن، کە پەیوەندییان بە نیشتمانپەروەرییەوە هەیە. وەک دڵسۆزی بۆ نیشتمان،

شانازی بە هێما نەتەوەییەکان و پشتیوانیکردن لە دامەزراوەکانی حکومەت. بە بەهێزکردنی یەکێتی و یەکگرتویی نەتەوەیی، بەشداری لە سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا دەکەن. بەو واتایەی نیشتمانپەروەری بەها هاوبەشەکان بۆ خەڵک دابین دەکات، کە ڕەفتارەکانیان لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی فراوانتردا یەکدەخات، بەم شێوەیەش تێکەڵیان دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نیشتمانیدا. ئەم بیروباوەڕە هاوبەشانە هەستی سەربەخۆیی پەروەردە دەکەن و هاوکاری کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبەن، کە ئەمەش بۆ کارکردنی بەردەوامی کۆمەڵ پێویستە. دەبێت بە گومان بین لەو گریمانەیەی، کە کۆمەڵگاکانمان بە کۆدەنگییەک سەبارەت بە بەها و نۆرمەکان جێگیری کردون، دەبێت ئەو بۆچونەش ڕەدبکەینەوە، کە ئایدیۆلۆژیا خەیاڵێکی تەواوە، وێنەیەکی هەڵگەڕاو، یان شێواوی ڕاستەقینەیە. ئەمە سێیەم گریمانەی چەواشەکارییە، کە لە ئەدەبیاتی ئایدیۆلۆژیادا بڵاوبوەتەوە. گریمانەیەکە پشتگیری لە بڕگەیەکی بەناوبانگ و وەرگیراو لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی دەکات، کە تیایدا ((مارکس و ئەنگلس کرداری ئایدیۆلۆژیا بەراورد بە کارەکانی وێنەیەکی شاراوە دەکەن، کە جیهان لە ڕێگەی وێنەیەکی سەرەو ژێرەوە نیشاندەدات))(Marx, K. and Engels, F., 1970:47). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەرگری بکەین لە فریودانی بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا، وەک وێنەیەکی هەڵگەڕاو، یان شێواو. چونکە کاتێک زانیمان، کە ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی زمانەوە کار دەکات و زمان کرداری کۆمەڵایەتییە، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە ئایدیۆلۆژیا بەشێکی پێکهێنەری ئەو شتەیە، کە لە کۆمەڵگاکانماندا ڕاستەقینەیە. بونیادی ئایدیۆلۆژی زمانی وێنەیەکی کاڵی جیهانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەشێکە لەو جیهانە، توخمێکی داهێنەر و پێکهێنەری ژیانی کۆمەڵایەتییە. لە بەکارهێنانی زماندا ئێمە بەردەوام سەرقاڵ دەبین بە چالاکییەکی داهێنەرانە و بنیادنەرانە، بەردەوام سەرقاڵ دەبین بە فراوانکردنی واتای وشەکان لە بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ لە ڕێگەی خوازە و یاری بە وشە و لێکدانەوەوە بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی لە داڕشتەی زمانی کوردیدا زیاتر دەردەکەوێت.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لەم ڕوانگەیەوە زمان وەک ئامرازێکی بێلایەن سەیر دەکرێت، کە ئایدۆلۆژیاکان تێیدا تێدەپەڕن و ئەم ئایدۆلۆژیانە هێندە لە ژیانی ڕۆژانەدا چەسپاو دەبن، کە بە دەگمەن پرسیاری بونیان دەکرێت، دەبنە بەشێکی سروشتی زمانەوانی و بەشێک دەبن لە چۆنیەتی قسەکردن و بیرکردنەوە و کارلێککردنی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەڵام ئەم بۆچونە شکست دەهێنێت بە ڕەخنەگرتن لەو پێکهاتە بنەڕەتیانەی، کە ئەو واتایانە ڕێکدەخەن زمان دەیگەیەنێت. ڕەنگە تاکەکان بە وەرگرتنی ئایدۆلۆژیاکان بە شتێکی ئاسایی، بەبێ ئاگاداری وەک بنەمایەکی سروشتی قبوڵی بکەن. ڕەخنەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە ئایدۆلۆژیاکان هەرچەندە بەڕواڵەت سروشتی، یان بێلایەن بن، بەڵام سیستەمێکی واتایی کێبڕکێکارن، کە خزمەت بە بەرژەوەندی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژیی زمانی لە دارشتەی زمانی کوردیدا شیکاری ڕەخنەیی دەکەین و ئەو نۆرمە کەلتورییانەی، کە ڕازیبون بە داننان بەوەی، کە چۆن ئەم واتایانە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵ و زەمینەی مێژوییدان؟ بۆیە پێویستە چەمکێکی تری ئایدۆلۆژی، کە بە ڕەخنەی ئایدۆلۆژی ناسێنراوە لە مەڕ دیاریکردنی سەرچاوەیەکی دیکەی بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی لە زمانی کوردیدا بخەینەڕو.

### ٢/٢ پەیبردنی ڕێبازی توێژینەوەی ڕەخنەییانەی ئایدۆلۆژیی زمانی:

لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیا وەک پڕۆسەیەک چەند قۆناغێکی شیکاری لەخۆدەگرێت، کە بەشدارن لە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە چۆنیەتی کارکردنی ئایدۆلۆژیاکان لەناو کۆمەڵدا. هەر یەکێک لەم قۆناغانە دەبێتە هۆی دروستبونی هۆکاری پاساو هێنانەوە. ئەم قۆناغانە هەردو شیکاری کۆمەڵایەتی و مێژویی و شیکاری گوتاری تێکەڵدەکەن و پێکەوە بنەمای پشکنینی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیی زمانی پێکدەهێنن. ئەو گرفتانەی بەهۆی پاساو هێنانەوەی شیکاری کۆمەڵایەتی و مێژویی و شیکاری گفتوگۆییەوە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سەرهەڵدەدەن گرنگ و ئاڵۆزن، بەڵام لەو کێشانە ئاڵۆزتر ئەوانن لە بوارەکانی تری شیکاری کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵدەدەن. کە دەگەینە قۆناغی کۆتایی واتە ئەو شێوە تێگەیشتنەی واتای شتێک وەک دەق، کردار، یا ئایدۆلۆژیا، کە بەقوڵی پێشیبخات. تیشک دەخاتە سەر لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیی زمانی و بەرەنگاری نۆرم و بەها پەسەندکراوەکان دەبێتەوە. ئەو پرسە دەهێنێتەبون ئایا پەیوەندی نێوان لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی زمانی و ڕەخنە چییە؟ گرنگە جیاوازی لە نێوان دو شێوەی ڕەخنە، کە لەم بوارەدا پەیوەندیدارن بکەین. یەکەم جۆری ڕەخنە ئەوەیە کە لەسەر تێگەیشتن و دروستکردنی بۆچونی نوێ دەڕوات. واتە کاتێک لە شتێک دەکۆڵێتەوە تەنیا واتای خراپ ناگرێتەوە، بەڵکو شێوەیەکی نوێ و بەهێزتر دەگرێتەوە. ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە پابەندە بەو بنەماییەوە، کە بۆچونەکان بدۆزێتەوە، پرسیارێکی نوێ لەسەر بابەتەکە بکات، ڕێگای بۆ چاکترکردنیان دابنێت. بە کورتی ئەم جۆرە ڕەخنەیە تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵەکان نییە، بەڵکو بۆ زیادکردنی زانیاری و باشترکردنی بۆچونەکانە. بۆیە یەکەم فۆڕمی ڕەخنە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی، داڕشتنی داهێنەرانەی واتایە. ئەمەش بریتییە لە خستنەڕوی لێکدانەوە، یان بیرۆکەی نوێ، کە ئاڵنگاری (تەحەدای) بیروباوەڕە هەبوەکان دەکەن، یان تێڕوانینێکی نوێ پێشکەش دەکەن. ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەستێوەردانە: چونکە پاڵ بە بیرۆکەی دامەزراوەکانەوە دەنێت، لە پرۆسەکەدا ناکۆکی دروست بکەن. کە ئەمەش نەگونجاوە، چونکە نۆرم و ڕێکەوتننامە و ڕاستییە پەسەندکراوەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەگەری هەیە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یان کەلتوری باڵادەست ناسەقامگیر بکات. بۆ نمونە سەبارەت بە ڕۆڵی جێندەری، زۆرجار ئایدۆلۆژیا نەریتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ژنان بە شێوەیەکی سروشتی گونجاون بۆ ڕۆڵی چاودێریکردنی ماڵەوە(کابانی). لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێت پیاوان ببنە بژێوەری ژیان. لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایە بریتی دەبێت لە بیرکردنەوە، یان لێکدانەوەی دوبارەی واتای ڕۆڵی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

جێندەری و پێکهاتەکانی خێزان، ئاڵنگاری (تەحەدای) ڕوانگەی نەریتی و خستنەڕوی دیدێکی یەکسانیخوازانەترە. دەتوانرێت ئەمە بە ڕەخنەی دەستێوەردان هەژمار بکرێت، چونکە نۆرمەکانی ڕەگەزی دامەزراو دەخاتە ژێر پرسیارەوە و تێکیان دەدات، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە هەردو ژن و پیاو دەتوانن بە یەکسانی لێهاتوبن لە هەردو چاودێریکردن و دابینکردنی ڕۆڵدا. ئەم جۆرە ڕەخنە ئایدیۆلۆژییە ڕوبەڕوی بەرەنگاریی ئەو کەسانە دەبێتەوە، کە خاوەنی تێڕوانینە نەریتییەکانن، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕە دامەزراوەکانیان سەبارەت بە ڕەگەز ناکۆکە. وەک :

- ٤-أ/ ژن خزمەتکاری ماڵە.
- ٤-ب/ پیاو بڕیاردەری ماڵە.
- ٤-پ/ ژنی بێ پیاو وەک شێری بێ نینۆک وایە.
- ٤-ت/ ژنی بوێر و پیاوی ژنانی ناپەسەندن.

لە ڕستەی (٤٤-آ، ٤٤-ب)دا ڕەخنەی ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم دو ڕستەیە نمونەیەکی ڕونن لەو چەسپاندنی ئایدۆلۆژیی زمانی پیاوسالاری و ڕۆڵی نایەکسانی جێندەری لە کۆمەڵ دەناسێنێت. لە ڕستەی یەکەمدا، ژن تەنیا وەک خزمەتکارێکی ماڵ ناسێنراوە، کە ئاماژەدانە بەوەی ژن تەنیا شایەنی ماڵەوەیە و شارەزایی و تواناکانی لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا کەمتر ڕەچاو ناکرێت. ئەم تێڕوانینە کاری ژنانی لە ماڵەوە وەک کاری سروشتی ناساندوە، نەک وەک بەشدارییەکی بەهادار لە کۆمەڵگادا، وەک شێوەیەک لە سوکایەتی کردن. کە بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی لە سەر بنەمای ڕەخنەی ئایدۆلۆژی ئەم واتایە دەگۆڕێت و داهێنەرانە واتای نوێ و ئایدۆلۆژی جیاواز بۆ دارشتەی ڕستەکە وەردەگرێت، بە واتای پیرۆزی و ئەرکێکی گران کە هەمو کەس ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە ڕۆڵی پەروەردەیە. لە ڕستەی دوەمدا، پیاو وەک تاکە بڕیاردەری ماڵ دانپێدانراوە، کە ئەمەش نیشانەی دەسەڵاتی نایەکسانە لە سیستەمی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پیاوسالاریدا ڕەگی داکوتیوە. ئەم ڕستەیە ڕۆڵی ژنان لە پرۆسەی بڕیاردانان کەم دەکاتەوە وا دەریدەخات ژنان ناتوانن، یان نابێت بەشداری لە بڕیارە گرنگەکانی ماڵەوە بکەن. ئەم جۆرە ڕستانە نەک تەنیا ڕەفتاری نایەکسان لە ناو خێزانەکاندا پاراستوە، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوش دەگوازرێتەوە. بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە، پێویستە زمان وەک ئامرازێکی گۆڕانکاری بەکاربهێنین و ڕستە نوێ و یەکسانەکان دروست بکەین کە ڕۆڵی هەر دوو ڕەگەز لە کۆمەڵگادا ڕێک بخاتەوە. لە ڕستەی(٤٤-پ)دا ئەم پەندە نمونەیەکی ڕونە لە چەسپاندنی پێکهاتەی پیاوسالاری (Patriarchy) لە زماندا. ژن بە ناتەواو و پەیوەست بە پیاوەوە نیشاندەدات. زمان لێرەدا وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کاردەکات بۆ پاراستنی پێکهاتە نایەکسانییەکانی هێز. پەندەکە بە شێوەیەکی نهێنی دەڵێت: هێزی ژن لە پیاوەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە خۆیەوە. ئەمەش دژی ڕاستییەکی سەرەکییە، کە ژن دەتوانێت سەربەخۆ و بەهێز بێت بەبێ پشتبەستن بە پیاو. بۆ شیکردنەوەی ئەم پێکهاتە زمانەییە، پێویستە پەندەکە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی خوێندنەوەی بۆبکەین لە پێناو بەدیهێنانی واتای نوێ و نمونە نوێکانی زمانی یەکسان دروست بکرێن. کە بە واتای (ژنی ئازاد وەک شێر وایە) یان (هێز لە ژندایە) کە دەتوانن یارمەتی دەربڕینی بیرۆکەی سەربەخۆیی و یەکسانی نوێ بدەن. هەروەها لە ڕستەی(٤٤-ت)دا بنەمای ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم چەمکە لە داڕشتەی زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای ڕەخنەی ئایدۆلۆژیی زمانی جگە لە شیکردنەوەی واتای فەرهەنگی، بونیادی واتایەکی نوێ و داهێنەرانە دروستدەکات، کە بە پێچەوانەی واتای فەرهەنگی ئازایەتی و لێهاتویی چەمکەکەوە بەکاردێت، ئەم چەمکە کاتێک دەکەوێتە بەر ڕەخنەی ئایدۆلۆژیی زمانی واتای سووکایەتی کردن دەگەیەنێت، کە بەرهەمێکی نوێیە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە شێوە تێگەیشتنی واتای ئایدۆلۆژیی زمانی بەقوڵی پێشی بخات. تیشک بخاتە سەر لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیی زمانی و بەرەنگاری نۆرم و بەها پەسەندکراوەکانی کۆمەڵ ببێتەوە. لەکاتێکدا چەمکی (پیاوی بوێر) دەتوانێت ئەرێنی بێت.

و له سەر بنەمای ڕەخنەی ئایدۆلۆژی واتای نوێ بەرهەم نابێت، بەڵکو تەنها لە دۆخی سروشتی واتای فەرهەنگی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەڵام چەمکی (پیاوی ژنانی) دیسان بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی لە زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای ڕەخنەی ئایدۆلۆژی دەبێتە هۆی بەرهەمی نوێ و واتای جیاواز لە واتای فەرهەنگی وەردەگرێت، کە بە واتای نەرێنی بەکاردێت بۆ ئەو جۆرە پیاوانەی، کە زیاتر ویستیان بەلای ژن و کارەکانی ژندا دەڕوات کەمتر هەڵوێستی پیاوانە دەردەبڕن: بۆیە لە کۆمەڵدا ناپەسەند و قبوڵکراو نین. ئەم توانستە دەتوانرێت لە فۆڕمی دوەمی ڕەخنە جیابکرێتەوە، لێکدانەوەی ڕەخنەیی زمان ئەوە نیشان دەدات، کە زمان تەنیا وەک ئامرازێکی گەیاندنی بیرۆکە کارناکات، بەڵکو خۆی بەشێکە لە دروستکردنی پەیوەندییە نایەکسانییەکان. کاتێک بەردەوام دەڵێین (ژن خزمەتکاری ماڵە) یان (پیاو بڕیاردەری ماڵە) ئەم ڕستانە نەک تەنیا ڕەفتاری ئێستا تۆمار دەکەن، بەڵکو بەردەوامی ئەم نایەکسانییانەش پاڵپشتی دەکەن. ئەم جۆرە ڕستانە بە شێوەیەکی شاراوە پەیوەندییە نادادپەروەرییەکان لە ناو کۆمەڵدا پاراستوە و بۆ نەوەکانی داهاتوش دەگوازرێنەوە. بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە پێویستە نەک تەنیا ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیی زمانی بگرین، بەڵکو گۆڕانکاریشی تێدا بکەین. دەبێت ڕستەی نوێ و یەکسان دروست بکەین، کە ڕۆڵی هەر دو ڕەگەز لە کۆمەڵدا ڕێک بخاتەوە. وەک گۆڕینی نمونەی (٤٤–آ)(٤٤–ب) بۆ نمونەکانی (٤٥–آ)(٤٥–ب):

- ٥–أ/ خێزان بە هاوبەشی بڕیار دەدات.
- ٥–ب/ خزمەتگوزاری ماڵ کارێکی هاوبەشە.

لە ڕستەکانی (٤٥–آ)(٤٥–ب)دا بونیادی ئایدۆلۆژیی زمانی ئەم دو ڕستەیە نمونەیەکی ڕونن لە گۆڕینی ئایدۆلۆژیی زمانی بەرەو یەکسانی ڕەگەزی، کە پێشوتر لە ڕێزمانی کوردیدا بە شێوەیەکی نەریتی ڕۆڵە جێندەرییەکان جیا دەکرانەوە. لەم نمونانەدا زمان وەک ئامرازێکی چالاک کاردەکات بۆ شکاندنی ئەو تایپە کۆنەی (پیاوان

وەک بڕیاردەر) و (ژن وەک خزمەتکار) بە جێگرتنەوەی (خێزان بە هاوبەشی بڕیار دەدات) و (خزمەتگوزاری هاوبەش) زمان ڕەوشتی نوێی هاوبەشی و یەکسانی لە ناو خێزاندا دەناسێنێت. ئەم گۆڕینە نەک تەنیا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، بەڵکو جیهانبینی نوێ دروست دەکات، کە هەمو ئەندامانی خێزان وەک یەک لە کار و بڕیارداندا هاوبەشن. ئەمەش نیشانەیەکی گرنگە لەوەی، کە زمان دەتوانێت نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هێزێکی پێشخستنی ئەو گۆڕانکاریانەش بێت. دەتوانرێت بنەمایەکی سەرەکی بێت لە بونیادنانی ئایدۆلۆژیی زمانی لە داڕشتەی زمانی کوردیدا و یارمەتی گۆڕانی واتای ناوەکی زمان بدات. هەر بۆیە زمان و ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی نەگۆڕ و دینامیکیان هەیە لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. لە زمانی کوردیدا، ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی دو ڕوانگەی سروشتی و ڕەخنەییەوە دەردەکەوێت. ڕوانگەی سروشتی زمان وەک ئامرازێکی بێلایەن دەبینێت، کە ئایدۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی سروشتی دەگوازێتەوە، لەکاتێکدا ڕوانگەی ڕەخنەیی زمان وەک هێزێکی چالاک دەبینێت، کە دەتوانێت پەیوەندی نایەکسانی کۆمەڵایەتی دروست بکات و پارێزگارییان لێبکات. بەگشتی ئایدۆلۆژیی زمانی لە زمانی کوردیدا تەنیا سیستەمێکی واتادانان نییە، بەڵکو ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی. بەهۆی گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵەوە. زمانیش بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی سەیری ئەم پەیوەندییە بکرێت.(( چەمکی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان هەرگیز بێلایەن نییە. بگرە وەک هێزێکی گۆڕەرپیشە، کە نەک هەر ڕەنگدانەوەی واقیع، بەڵکو بونیادنەریشە و ئەو ئایدۆلۆژیا باڵادەستانەی لەناو کۆمەڵدا هەن، بەردەوام و بەهێزیان دەکات))( Huspek, M., 1991:133) ئەو وشانەی، کە بەکاریان دەهێنین و ئەو ڕێگایانەی، کە بیرۆکەکان لە چوارچێوەیەکدا دەبەستنەوە و ئەو واتایانەی، کە پێیان دەبەستنەوە، هەمویان ڕۆڵیان لە داڕشتنی ئایدۆلۆژیی زمانی و بیروباوەڕ و بەها و تێگەیشتنمان هەیە. زمان وەک

ئامرازێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، ئامرازێکە بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی گروپە باڵادەستەکان، لە هەمان کاتدا ئایدۆلۆژیا ئەڵتەرناتیڤەکان پەراوێز دەخات و لاوازیان دەکات. ئەم ڕوانگەیە دوای پشکنینی ڕەخنەگرانە لە زمان و ڕۆڵی لە جوڵەی دەسەڵاتدا وادەکات، کە هاندەری تاکەکان بێت، کە بزانین زمان چۆن تێڕوانینەکان لە قاڵب دەدات و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. تەنیا بە پرسیارکردن و لێکدانەوەی دوبارەی ئەو واتایانەی، کە لە زماندا چەسپاون، تاکەکان دەتوانن دەست بکەن بە تەحەدای ئەو ئایدۆلۆژییە باڵادەستانەی، کە نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەپارێزن.

ئەنجام:

١- ئایدۆلۆژیی زمانەوانیی بکرێت بە بناوانی داڕشتنی ڕامیاری و زمانەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی مرۆڤ و قۆناغەکانی ژیان، گۆڕانکاری لە واتای وشەکاندا دێنیتە ئاراوە ئایدۆلۆژیی زمانی بەرهەمی ئەو گۆڕانانەیە.

٣- زمان دەتوانێت نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هێزی پێشخستنی گۆڕانکاریەکانیشە.

٤- ئایدۆلۆژیی زمانی لە سەر بنەمای ڕەخنەی ئایدۆلۆژی جگە لە شیکردنەوەی واتای فەرهەنگی واتای نوێ دروستدەکات.

سەرچاوەکان(References)

١-- سەرچاوە کوردییەکان:

- قادر، کاروان عمر، ٢٠١٢، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- قادر، کاروان عمر، ٢٠١٧، دارِشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژمارە ١٣ی ساڵی چوارەم.
- قادر، کاروان عمر، ٢٠١٢، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤)
- قادر، کاروان عمر، کۆرسی ئەکادیمی خوێندنی دکتۆرا،بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣-٢٠٢٤.
- عبدالرحیم، عثمان کریم،٢٠٢٣، پرس و چەمکە شارەوەکانی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدولرحمانی شەرەفکەندی (هەژار موکریانی)،١٣٨٨،هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی-فارسی، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروش، تهران.

٢- سەرچاوەی ئینگلیزیەکان:

- Preece, R., 1977. Ideology and Politics Martin Seliger London: George Allen and Unwin, 1976, pp. 352. *Canadian Journal of Political Science/Revue canadienne de science politique*, *10*(4).
- Marx, K. and Engels, F., 1970. The German Ideology, ed. CJ Arthur. *New York: International*.
- Durkheim, E., 2016. The elementary forms of religious life. In *Social theory re-wired* Routledge.
- Huspek, M., 1991. Norman Fairclough, Language and power. London and New York: Longman, 1989, Pp. xii+ 259. *Language in Society*, *20*(1).

٣- سەرچاوەی فارسی:

- مطلق، بهمن نامور، ١٣٩٠ درآمدی بر بینامتنیت، نظریەها و کاربردها، چاپ اول، سخن تهران.

# Index Of Published Research

## Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


## Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer<br>Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


## Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

## Historical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book “Deaths of Notables and News of the Sons of Time” by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


## Turkish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem “Our Old Mansion” By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü’s Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu’s Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı's "Mecehamal" Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


**Arabic Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


**English Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley's Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg's "Howl" | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


**Kurdish Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali's novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi's Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the College of Education for Human Sciences Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001